# بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی

## (ڕێبەری کاری ڕێکخراوەکان بۆ کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ ماڵی دالڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو)

لە پێناو بەرژەوەندی گشتیو بەمەبەستی ڕێکخستنی شێوازی کاری کەسو گروپو ڕێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤو مافەکانی ئافرەتو ڕێکخراوە ناحکومییە نێوخۆییو نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ماڵی دالڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراوی سلێمانی، بە سودوەرگرتن لە پەیڕەوی ناوخۆی ماڵەکانی دالڵدەدانو ڕێنمایی ژمارەی (2)ی ساڵی 2014ی ماڵی دالڵدەدان، ئەم ڕێبەرەمان لە سێ بەشو (33)بڕگەدا دەرچوواند.

### یەکەم/ پێناسەکان:

1.**بەڕێوبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەپارێزگای سلێمانی.

2.**ماڵی دالڵدەدان:** ماڵی دالڵدەدانی ئافرەتانی هەرەشەلێکراوی سلێمانی.

4.**گروپو ڕێکخراو:** هەر کەس و گروپو ڕێکخراوێکی نێوخۆیی یان نێودەوڵەتی کە مۆڵەتی فەرمی هەبێت یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە فەرمی بیناسێتو ڕەزامەندبێت لەسەر کارکردنیو بیەوێت خزمەت بە ماڵی دالڵدەدانی ئافرەتانی هەڕشەلێکراوی سلێمانی و سودمەندەکانی بکات.

5.**کاری خۆبەخشی:** هەر کارێک بێ بەرانبەرو بە شێوەی قازانج نەویستانەو لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و چاکەی کۆمەڵایەتیدا لەلایەن کەسو گروپو ڕێکخراوێکەوە پێشکەش دەکرێت.

6.**کەسی خۆبەخش:** هەرکەسێک بەبێ بەرانبەرو بەبێ بوونی هیچ پەیوەندییەکی یاساییو پابەندییەکی کارگێڕی بە دامەزراوەوە، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کارێک لە پێناو چاکەی کۆمەڵایەتیدا لە چوارچێوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

7.**سودمەندان:** سەرجەم ئەو ئافرەت و منداڵانەی بەهۆی بوونی مەترسی و هەڕەشە لەسەر ژیانیان لە ماڵی دالڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراوی سلێمانی نیشتەجێن و پارێزراون.

## دووەم/ شێوازی کارکردنی گروپ و ڕێکخراوەکان:

1. بەڕێوەبەرایەتی گشتیو ماڵی داڵدەدان بە سوپاسەوە پێشوازی لە کاری خۆبەخشانەی کەسو گروپو ڕێکخراوەکان دەکەنو خۆشحاڵن بە کاری خۆبەخشی کە بەهایەکی گەورەی ڕەوشتیو مرۆییو ئاینیو جیهانی هەیە.

2. بەڕێوەبەرایەتی گشتیو ماڵی داڵدەدانو هەر کارمەندو هۆبەیەکی پەیوەندیدار، کارئاسانی تەواو پێشکەش بەو گروپو ڕێکخراوانەی بواری کاری خۆبەخشی دەکەن کە بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیان بە ماڵی داڵدەدانو سودمەندەکانی، مۆڵەتو ڕەزامەندی پێشوەختەیان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرگرتووە.

3. گروپو ڕێکخراوەکان پابەندن بەو یاساو ڕێنماییانەی کە لە ماڵی داڵدەدان جێ بەجێدەکرێن.
4. گروپو ڕێکخراوەکان پابەندن بە نهێنی پارێزیو پاراستنی سەلامەتی ژیانی سودمەندانو ماڵی داڵدەدان.
5. ئەو بوارانەی کە کەسو گروپو ڕێکخراوەکان دەتوانن تیایدا هاوکارو پشتیوانی ماڵی داڵدەدان بن بریتین لە:(دابینکردنی کەرەستەو پێداویستی سودمەندانو ماڵەکەیان، خزمەتگوزاری یاسایی، کۆمەڵایەتیو دەروونی، تەندروستی، پەروەردەیی، وەرزشی، چالاکی تایبەت بە پیشەی دەستو هونەرو دەستڕەنگینیو کات بەسەربردن).

6. هەر گروپو ڕێکخراوێك لە بواری ئاشتەواییو چارەسەری کێشەی سودمەندندا کاربکات پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی/ سەنتەری ڕاوێژکاری خێزان بکات، ئەوەش لە پێناو تێك نەگیرانی کارو دووبارە نەبوونەوەی هەوڵەکان.

7. لە پێناو بەرژەوەندی گشتیو جەختکردنەوە لە پاراستنی سەلامەتی گیانی سودمەندان، بەرپرسی ماڵی داڵدەدانو کارمەندی ڕاسپێردراو بە ناونیشانی توێژەری کۆمەڵایەتی یان یاسایی کۆنترۆڵی تەواویان هەیە لەسەر کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوەکان بەهەر ڕێگەیەك بە پێویستی بزانن، چ بەهۆی هاوکاریو هەماهەنگی یان دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی کەیسو نەچوونە دەرەوەی

زانیارییو نهێنی دالّدەدراوانو ماڵەکە، ڕێگەو شێوازی کۆنترۆڵکردنو هەماهەنگیەکەش بە پێی جۆری چالاکیو ڕێکخراوەکە دەستنیشاندەکرێت.

8. گروپو ڕێکخراوەکان بەرپرسیارن لەو کۆمەكو هاوکارییانەی کە لە خەڵکانی خێرخوازو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیو مرۆڤدۆستەکانی کۆ دەکەنەوەو بە ئەمانەتەوە دەیگەیەننە شوێنی مەبەست.

9. پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەختە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ هەر چالاکییەك، گروپو ڕێکخراو سەرجەم ئەو ئەندامانەی کە بەشداریدەکەن لە چالاکییەکانیدا بە داواکاری فەرمیو زانیاریی تەواوەوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ بەشی پارێزگاری خێزان دەناسێنێتو بەڕێوەبەرایەتی گشتیش کارتی ڕێگە پێدانیان بۆ دروست دەکات.

10. گروپو ڕێکخراو مافی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کارو چالاکی، ڕاپۆرتی پێشنیاریان هەیە بە شێوەی مانگانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ بەشی پارێزگاری خێزان.

11. بەرپرسی ماڵی دالّدەدان مافی پێکشەشکردنی ڕاپۆرتی هەیە لەسەر کارەکانی گروپو ڕێکخراو بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەك بەشێك لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنو پیاچوونەوە بە کارەکانی ڕێکخراوو گروپی ڕێگە پێدراودا.

12. بە هەماهەنگی تەواوی بەرپرسی ماڵو بە پێی پلانێکی پێشوەختە، دەرگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ سودمەندانو ماڵەکانیان لە سەعات (8.30ی بەیانی) کراوەیە تا (1ی پاشنیوەڕۆ) لە ڕۆژانی (یەکشەممە تا پێنجشەممە) ئەگەر پێویستی کرد لە کاتی تردا کارێك ئەندامبدرێت ئەوە پێویستە بەڕێوەبەری گشتی ئاگاداربکرێتەوەو بەرپرسی ماڵی دالّدەدان هەماهەنگی تەواو بکات بە وردەکارییەوە بەمەبەستی سەلامەتی ماڵو سودمەندەکانی.

13. گروپو ڕێکخراو تەنها کاری خۆیان دەکەنو دەست ناخەنە کاروباری کارگێریو فەرمانە فەرمییەکانو کاری توێژەرو یاساییەکانو کارمەندانی تر، لە کاتی بوونی هەر پێشنیارو

تێبینییەکدا بۆ پێشخستنی کارو چارەسەرکردنی کێشـەیەك دەگەڕێنـەوە بـۆ بەرپرسـی مـاڵ یـان (بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ بەشی پارێزگاری خێزان)و تێبینیو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

.14 ئەو کەسو گروپو ڕێکخراوانەی بە فەرمی ڕێگەیان پێدرا کاربکەن ئەوە پێویستە بەڕێوەبەرایـەتی گشتیو بەشو بەپرسە پەیوەندیدارەکان ئاگاداری وردەکارییەکانی بەرنامـەو کـارو پرۆژەکـە بـنو کارمەنـدو بەرپرسـی پەیوەندیـدار ڕاسـپێرن بـۆ هەماهـەنگی تـا کـاتی کۆتـایی پـرۆژەو کـارو چالاکییەکە، ئەوەش بە هەماهەنگیو ئاگاداری تەواوی بەرپرسی ماڵی داڵدەدان.

.15 دیاریکردنی خواستو پێویستی ماڵەکان بۆ گروپو ڕێکخراوی خۆبەخشی چاکەکار لـە دەسـەڵاتو ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیە.

.16 هەر کارێکی پەیوەست بە میدیا لەنێو ماڵی داڵدەدان قەدەغەیـە، هـیچ کـەسو ڕێکخـراوو گورپێـك مافی ئەوەی نییە هیچ جۆرە ئامێرێکی پەیوەندیو تۆمارکردنی دەنگو وێنەو ڤیدیۆ لەگـەڵ خـۆی بەرێتە ناو ماڵی داڵدەدان، لەمبارەیەوە پێویستە بەرپرسی ماڵی داڵدەدانو کارمەندەکانیو کەسو گروپو ڕێکخراوەکانی پابەندی ئەو برگەو ماددانە بن کە لە (ڕێبەری سیاسەتی میدیایی)دا تایبەت بە ماڵی داڵدەدان ئاماژەیان پێکراوە.

.17 کەسو ڕێکخراوو گروپەکان دەتـوانن هاوکـاری مـاڵی داڵـدەدان بـن بـە پێشکەشـکردنی کارمەنـدی خۆبەخش بە پێی پێویستی ماڵی داڵدەدان، بەڕێوەبەرایەتی گشتیو ماڵی داڵـدەدان پێشـوازی لـە هـەر کارمەنـدێکی خۆبـەخش دەکـەن بـە پێـی بەرژەوەنـدی گشـتیو لـە چوارچـێوەی یاسـاو ڕێنماییەکاندا پاش ڕاهێنانو تێپەڕبوون بە ڕێوشوێنەکانی ئەم ڕێبەرەدا.

.18 بەرپرسی ماڵی داڵدەدان تۆمارێکی تایبەت بە کارو چالاکی ڕێکخراوەکان ڕادەگرێت، تیایدا هـەموو سەردانێکی ڕێکخراوو کەسەکان بەزانیاری تەواوە ڕۆژانە تۆماردەکات بەمەبەستی سودلێوەرگرتنی لەکاتی پێویستداو گەڕانەوە بۆی هەرکات پێویستی کرد.

## سێیەم/ ڕێکاری کارگێڕیو یاسایی:

1. هەر گروپو ڕێکخراوێك کە دەیەوێت بە شێك بێت لە هاوکارانی مالّی دالّدەدانو سودمەندەکانی لە چوارچێوەی ئەم ڕێبەرەدا، پێویستە داواکارییەك بە کلێشەی فەرمی ڕێکخراوەکەی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکاتو تیایدا ئەو کارو چالاکییانە ڕوون بکاتەوە کە پێشکەشی دەکات، هەروەها ناوو زانیاریی تەواوی ئەو کەسانەی بەشداردەبن لە کارو چالاکییەکاندا.

2. گروپو ڕێکخراو ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتیو مالّی دالّدەدانو دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بەکارناهێنێت بۆ هیچ مەبەستێکی تری دەرەوەی ئەم ڕێبەرە، تەنها لە پێناو سودو قازانجو خزمەتی مالّی دالّدەدانو سودمەندەکانیدا نەبێت.

3. بردنە دەرەوەی هەر زانیارییەك لەبارەی (مالّی دالّدەدان، شوێنەکەی، بەڕێوەبەرەکەی، کارمەندەکانی، نیشتەجێبووەکانی، بیناو پێکهاتەکەی) لەلایەن کەسو گروپو ڕێکخراوەکانەوە قەدەغەیەو کەسی کەمتەرخەم ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێتەوە ئەگەر هەر زانیارییەکی بە هەر هۆکارێك دابێت بەکەسێك یان لایەنێك یان دەزگایەك یان هاووڵاتیەك یان کەسوکاری سودمەندو نیشتەجێبوویەکی مالّی دالّدەدان.

4. هەر گروپو ڕێکخراوێك ڕێگەی پێدرا بە کارکردن لەگەڵ مالّی دالّدەدان، پێویستە هەر لاپەڕەیەکی ئەم ڕێبەرە بە سێ وێنە واژۆبکاتو ئاگاداری ناوەڕۆکەکەی بێتو بەڵێننامەی پابەندیو نهێنی پارێزی لە بەشی یاسا پڕبکاتەوە(وێنەیەك لەلای خۆی دەمێنێتەوە، وێنەیەك بۆ بەشی یاسا، وێنەیەك بۆ بەشی پارێزگاری خێزان).

5. هەر سەرپێچیەکی یاسایی بە مەبەستی زیانگەیاندن بە مالّی دالّدەدانو سودمەندو کارمەندەکانی ئەنجامدرا بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە پێی یاسا بەرکارەکان لە دادگاکاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

6. ئەم ڕێبەرە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە بواری توندوتیژیو مافی مرۆڤو ژنانی هەرەشەلێکراودا داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکەن.

7. لەکاتی ڕوودانی هەر گرفتێکدا کە ئەم ڕێبەرە چارەسەری نەکردبێتو ئاماژەی پێ نەدابێت، گروپو ڕێکخراوی ڕێگە پێدراو بە پێی قەبارەی گرفتەکە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکەن بۆ چارەسەرکردنی.

8. لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ڕێبەرەوە سەرجەم ڕێگەپێدانو هەماهەنگیو کارە پێکەوەییەکان کە لەلایەن ڕێکخراوو گروپو کەسانی هاوکارەوە کە تا ئێستا ئەنجامدراونو بەردەوامن لەم چوارچێوەیەدا ڕێك دەخرێنەوە.

تێبینی: بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕێبەرە، ژمارەیەک کۆبوونەوەی تایبەت بە سەرپەرشتی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیو ئامادەبوونی بەڕێزان یاریدەدەرانی بەڕێوەبەری گشتی و شارەزاکانی دیوان و بەرپرسی بەشە پەیوەندیدارەکان بەڕێوە چووە، هەروەها بۆچوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکانی بواری ماف و مافەکانی ژنان و گروپی (GBV) بە چەند کۆبوونەوەیەکی جیاواز وەرگیراوە.



عومەر عەبدڵڵا گوڵپی

بەڕێوەبەری گشتی

12ی 4ی 2018